# گریانێکی شێتانه ... !!!

**سێوەخان**

**گریان لەسەر سنگی سەرینی ڕۆژگار !**

**چاوەڕوانی ئەسرینێکی بەکوڵێکی شێتانە یە...**

**وام دەزانی لەگەڵم دەژی .؟**

**گریانێکی ئازاد .؟**

**نازانم لەبەرچی ..!!**

**ئایا شێتی یە ..؟**

**ئایا خۆشەویستی یە ..؟**

**ئایا ئەفسانەیە ..؟**

**شەڕدەکات لەناو چاوەکانم دا ..!**

**شەڕدەکات ، لەگەڵ بەشەکانی جەستەما ...**

**چاوەڕوانی دەرچون ، لەقەفەز دەکات .!**

**لەژێر دەستی هەستەکانما ..؟**

**بانگی هەناسەکانی ڕوح دەکات ...**

**تابەشێتانە ئازادی هەڵبژێرێ و،**

**سەماکانی دوای هەنسك بوون ببەخشێ و،**

**ئاسودەیی دڵ بنەخشێنێ ...**

2007/4/20